مەعریفەی شیعریی..
عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

مەعریفەی شیعریی یان ئەزموونی واقیعی شیعریی، پەیوەندی بە پرسەی نووسین و خوێندنەوەو دەکات، کاتێك کە سرووشتی و هەرِەمەکییە، دواتر لە ڕەگای خەیاڵ و جوانی و شارەزایی شیعریی و رامانەوەو تەختر دەبەتەو، پاشان لە گرتنی گۆشەنیگای جیاوازی هونەری و بە ڕووداوکردنیان و وێناکردنی دنیابینی سەردەم و لە خەماندنی کەی ئەو شارەزاییە مەعریفییانەو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان نارِاستەوخۆ، لە شیعرییەتی دەق و شیعرییەتی خوێندنەوەدا دەردەکەوێت.

واتە دوای بەرەوپێشچوونی بەهرە بە شارەزایی، شارەزاییەکان بە ئەزموون و ئەزموونگەریی، ئیتر دەرکەوتنی وزەی هونەری و شارەزاییە مەعریفییەکان بە شێوەیەکی (ڕاستەوخۆ) و (نارِاستەوخۆ) دوو خاڵی سەرەکی ڕووندەکەنەو: یەکەمیان، پەیوەندی بە نووسەرەو هەیە، ئەویدیکە پەیوەندی بە خوێندنەوەو دەکات. خوێندنەوە دەبەتە دوو بەش: یەکەم خوێنەرانن، دووەم پەیوەندی بە ڕەخنەگرانەوە دەکات. واتە کاتە خوێنەر درك بە شیعرییەت دەکات. کاتە ئاگایی هونەریی، خوێنەر تەدەپەرِێنە و ڕەخنەگر دەیدەزێتەو. یەکەمیان دەکەوێتە بەر ئاستە جیاوازەکانی خوێنەرەو و دووەمیان دەکەوێتە بواری لێکدانەوەی زانستی و تیۆرییەو.

بە کورتی بابەتی سەرەکی ئەو لێکۆڵینەویە، هەوڵەکە بە بەرجەستەکردنی بنەما مەعریفییەکانی شیعریی، کە لێنوان پرسەی نووسین و پرسەی خوێندنەوەدایە. لێرە و لە بە دواداچووندا لە (چیگوتن و جوانگوتن و خوێندنەو)دا خەی دەبینێتەو! هەموو ئەوانەش لە شارەزایی و شیعرییەت و مەعریفەو هەدەگرینەو و دواتر لە ڕەگای ئەزموونگەرییەو، لە دوو چەمکدا بە ناوی (گەشتکردن) و (مامەڵەکردن) وێنای دەکەینەو.

میکانیزمی گەشتکردن بە (دەزینەو و داهێنان و سەیرورە) دەبەستینەو و لە خەیاڵدا بە دوایدا دەگەرِێین. میکانیزمی مامەڵەکردن بە (تێگەیشتن و ڕاڤەکردن و حەقیقەت)ەو دەلکێنین و لە دەسەڵاتدا بە دوایدا دەچین. بەو مانایەش شیعرییەتی نووسین و شیعرییەتی خوێندنەو وەك دوو جووڵەی هاودژ و هاوگونجاو لە خەیاڵ و حەقیقەتکاندا پەکەو دەلکێن و لە ڕەگای دەسەڵاتی زمان و داهێنانی ئەدەبی و هونەرییەو دانوستان دەکەن.

درککردن، تێگەیشتن، دەزینەوە

بەگومان شارەزایی و مەعریفەی شیعریی لە ڕێگای فرە خوێندنەوە و خوێندنەوەی جیاوازەوە گەشە دەکات، پەوانەکانی جوانی و چێژ (دادەرِژێتەوە)! بەڵام هەندجاران لە شیعری نوێدا دارِشتنەوە، تێگەڕە بە تێگەیشتن درووست دەکات! ئەو تێگەڕەیەش بەشێکی پەیوەندی بە وزەی هونەری و شارەزایی دایە، بەشێکی لە گەرِانکاری لەپرِی سەیروڕەی داهێنانەوەیە. بەشێکی پەیوەندی بە ئاسەکانی چاوەرِوانی خوێنەر و بەشێکی بە تازەیی فەرم و تەکنیك و نوێکردنەوەی روانینی شاعیرەوەیە. بە کورتی هەموو ئەوانە لە کەشە مرەیەکانی سەردەم و ئاڵەزی ژیان و پێشکەوتنە خێراکانی زانستی تەکنەلەژیاوە هەڵقوڵاوە.

گوتاری مەعریفەی شیعریی هەرگیز بەو مانایە نییە، کە پرسیاری مەعریفی بەردەوام وەك خەسڵەتی تاکرەهەندی دووبارە بکاتەوە؟! چونکە (داهێنان) بە سەربەخۆیی و ئازادی و پرسیاری بەردەوام هەناسە نادات. ئەوە نەك ڕەخنەگر، خوێنەری ئاسایی هەستی پێدەکات! واتە (داهێنان) لە گەرِانی بەردەوامی ئاگایی و سەیروڕە ناکەوێت. داهێنان بەردەوامبوونی (نا)یە، لە (نا)یەکەوە بە (نا)یەکی دیکە، تا دەبێتە(نا)یەکی دینامیکی، ئەو نەفیبوونە لە شەوازی (هەشتا-نەبوو) خەی مانفەست دەکات. کەواتە ئەوەی دوێنێ وەك پەوانەی مەعریفی و جوانی تەماشا دەکرا، مەرج نییە هەمیشە وابمێنێتەوە!

لەڕەوە دەبە بزانین بەشێکی گەورەی بە مەدیلکردن و رابردوونمایی لە دەگماتیزمی دەسەڵاتی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێت! دەسەڵاتی سیاسی هەوەدەدات هەمیشە بە مەدیلکردن لە فەرمەکی دیکەی ڕەشنبیریدا پێشان بداتەوە. واتە دیماگۆجییەتی سیاسی دەست بەو فەرِمانەوە دەگرێت و وەك ناسنامەی نەتەوەیی و ڕەسنایەتی بە دژی گەرِانکارییەکانی سەردەم و سەیروڕەی داهێنانیان دەکاتەوە و لە پانتایی ڕەشنبیریی باودا بڕویان پێدەدات. بەڵام قسەکردن لە بارەی ڕەسنایەتی و برِوابوون و ناسنامە و ستایل و ناسیونالیزم، قسەکردن لە گەرِانەوە بە ئەسڵەکی کۆن و رووداوی یەکەم و کەلەپوور و یادەوەری نەتەوە... قسەکردنەکی سیاسییانەی پەپلیستییە بە مەسرەفی ڕژانە، هەرگیز پرسیاری داهێنانی لەخەدا هەڵنەگرتووە!

داهێنان هەمیشە پەردە لەسەر نهێنییەکانی مەسرەفگەرایی ڕژانە، کەلەپوور و یادەوەری نەتەوە و ڕەشنبیریی باو هەدەماڵە و لەوشەوە بونیادە جیاوازەکانی خەی نمایش دەکات.

لەنەوان مەعریفە و مەعریفەدا ترس نییە، جیاوازی هەیە! بەڵام جیاوازی کاری داهێنان لە پانتایی ڕەشنبیریی باودا گەشە ناکات. پەویستە شیعری نوێ هەموو ئەرکە باوەکان لەخەی دابماڵێ، جوانی و

چۆن دووبارە دابڕێژرێتەوە و پرسیاری نوێ بەسەر بوون و دنیادا بکاتەوە؟!
کەواتە گوتاری مەعریفەی شیعری لە بنەمادا (درککردن) و (تێگەیشتن) و (دەزینەوە) یە، لە (ت,س. ئیلیوت)ەوە ئەو ئەزموونگەریە بە ترەپك دەگات و بە جوانی لە (ئەدۆنیس)دا رەنگیداوەتەوە! بایەخی ئەو گوتارە هەر ئەوە نیە، بەشێك لە بنەماکانی ئاگایی شیعریمان (پەدەناسنە)، بەڵکو جیاوازی گوتارەکانمان بە (رووندەکاتەوە) و پەماندەڵە چەمکی داهێنان هەر تەنها داهێنەر بەرجەستە ناکات، بەڵکو لە هەمان کاتدا خوێنەری جیاوازیش بەرجەستە دەکات!

کەشکانی مەعریفەی شیعریی

ئاگایی مەعریفی داهێنەران لە کرانەوەی فیکر بەرهەم دێت و درککردن و تێگەیشتن و دەزینەوە دەگەیەنێت. بەڵام پەشبینیکردنی مەعریفەی شیعریی بەتەواوی دیاریکراوە، کەشی ئەو دیاریکردنەش ڕِوودراوە نادیارەکانی ئایندەی شیعریی و داهێنانی شیعرییە، کە بە رووونی تێگەیشتن بە دەستەوە نادەن. چونکە مەعریفەی شیعریی شتێك نیە یەکجار بدەزرێتەوە؟! بە نموونە دەزینەوەی جوانی شیعریی سنووری نیە. ڕەنگە شیعر خاڵی بە لە حەقیقەت، بەڵام ناکۆتە دەرەوەی خەیاڵەوە. بە دیوەکەی دیکەش ئاگایی قووڵی خوێندنەوە ئەو شوێنە، کە نووسەرت بیر دەچێتەوە، ئەوەش ئاستی بەرزی درککردن و تێگەیشتنی خوێنەر و دەزینەوەی شیعرییەت نیشان دەدات.
یەکەکی دیکە لە کەشکانی ئاگایی مەعریفەی شیعریی، ئەوەیە کە پەش زەمەنی لەدایکبوونی شیعر دەکەوێت. هەر ئەوەش بەشێکی گەورەی خوێندنەوە دەخاتە تەگەرەی تێگەیشتنەوە! بەڵام کەشی داهێنان لە کەشی دیاریکردنی مەعریفەی شیعرییدا کورت ناکرێتەوە. دەشە درککردن و تێگەیشتنی مەعریفەی شیعریی خوێنەر و ڕاڤەکار و ڕەخنەگر بخاتەوە، بەڵام مەرج نیە داهێنان بەرهەم بهێنێت! وەکچۆن مەرج نیە (خوێنەر و ڕاڤەکار و ڕەخنەگر) لەگەڵ داهێنەر هاومانا و هاودنیابینی بن. ئەوەش یەکەکی دیکەیە لە کەشکانی مەعریفەی شیعریی، بەڵام کەشی داهێنان نیە! چونکە داهێنان (دەزینەوە و گەڕِان و سەیروڕە) بەڕِووی دەبات، بەڵام خوێنەر و ڕەخنەگر، ڕاڤەکردنی جیاوازی لەدەکۆتەوە.
داهێنان، چیگوتن و جوانگوتن! حەقیقەت و جوانی، مامەڵەکردن و گەشتکردن. ئەگەر چیگوتن (حەقیقەت – مامەڵەکردن) ئاگایی دەرکی هەڵەکانی بکەش، ئەوە جوانگوتن (جوانی- گەشتکردن) ئاگایی ناوکی دەیجووڵێنێت. یەکەمیان گواستنەوەی دنیا و نواندنی کەش مرەیەکانیەتی. دووەمیان کەشکانی جوانی و خەیاڵی شیعریی

هەڵگرتووە. یەکەمیان پەداویستییەکی مەژوویە، نەك مەژوو! دووەمیان پەداویستییەکی شیعرییە، نەك شیعر! یەکەمیان ململانێی بەکەتایی (حەقیقەت) و (مامەڵەکردن)، واتە مامەڵەکردن لە دەسەڵات شیدەکاتەوە و لە سەردەمی پاش حەقیقەتدا خەرجی دەکات؟! دووەمیان ململانێی بەکەتایی (جوانی) و (گەشتکردن)، واتە گەشتکردن لە خەیاڵدا دەخەمێنێ و لە داهێناندا دەینوێنێتەوە؟!.
ڕەنگە چەمکی بەکەتایی (چیگوتن- مامەڵەکردن- حەقیقەت) بوونگەرایی فەرامەش بکات؟! بە نموونە، تەماشای مامەڵەکردن لەگەڵ دەسەڵات لە سەردەمی پاش حەقیقەت، زیرەکی دەستکرد بکە، لە ڕەگای زانستی تەکنەلەژیای نوێوە. بەڵام چەمکی بەکەتایی (جوانگوتن- گەشتکردن- جوانی) هەمیشە گەشتکردنی خەیاڵی (هەشتا-نەبوو) مانفەست دەکاتەوە. لەڕدا دەبینین چەمکی (دەسەڵات) فاشیەتی زمان دەنوێنێ و چەمکی (داهێنان) سەیرورە و خوێندنەوەی جیاواز بەرهەم دەهێنێتەوە و ئەزموونگەری جیاوازی لەدەکەوێتەوە. ڕەنگە چەمکی فاشیەتی زمان خودی داهێنان بگەڕێتە سەر جەرە لە مامەڵەکردن، دواجار لە شەوازگیرییدا بەرجەستەی بکات، بە نموونە: فاشیەتی زمان لای ڕەبان بارت. بەڵام خودی داهێنان بەردەوام بەرەو ئەودیوو حەقیقەت دەبێتەوە و (هەشتا-نەبوونی) حەقیقەتی جەگیر پەشبینی دەکات. بە نموونە: ئەنتی دەق، بەو مانایەی کە ئەودیوو کەتاییەکان و هەشتا نەبوون وێنا دەکات.

نە شیعری بە مەعریفە و نە مەعریفەی بە شیعر

مامەڵەکردنی فاشیەتی زمان و سەردەمی پاش حەقیقەت و زیرەکی دەستکرد نەیانتوانیووە دەزینەوە و گەشتکردنی خەیاڵی داهێنان کەتایی پەبهێنێت، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە هەموو دەرگاکان لەسەر چیگوتن دادەخرێت، هەشتا داهێنانی شیعریی لە ڕەگای جوانگوتنەوە گەشتی خەیاڵ وێنا دەکاتەوە، لەوەشەوە ڕِووداوەکان بە چیگوتن دەجولێنێت. فاشیەتی زمان و سەردەمی پاش حەقیقەت و زیرەکی دەستکرد، ڕەتکردنەوەی ئاگایی شیعری پەش ڕەتکردنەوەی مەعریفە دەخات. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا نە ئاگایی شیعری بە مەعریفەیە و نە گوتاری مەعریفی بە شیعرییەت! دەمەوێ بڵێم نە شیعر بە جوانگوتن و خەیاڵ هەڵدەکات و نە مەعریفە بە چیگوتن و حەقیقەتە پەشبینکراوەکان دەگات.
بەڵام کاتیك شیعر دەگاتە ئەوەی بزانێت دەسەڵات چییە! ئیتر بەرەو کردەی سەیرورە گەشت دەکاتەوە، کاتیکیش گەیشتە سەیرورە، ئیتر لە حاڵەتی دەزینەوەی بەردەوامدا دەمێنێتەوە. بەردەوامبوونی دەزینەوە و سەیرورە، بەردەوامبوونی (نا)ی شیعرییە بە هەموو ماناکانییەوە،

لە ئاگاییەکەوە بە مەعریفەیەکی دیکەی جیاواز. سەیرورە هەوەکە بە هەڵگیرساندنی شەڕِشی شیعریی جیاواز. شەڕِشی شیعری، شەڕِشی خەیاڵ و جوانییە دژ بە دەسەڵاتی ناچاری کردن و حەقیقەتکان دەبەتەوە، بەڵام ناکەوێتە دەرەوەی شیمانەی زمانەوە؟!
بە بڕِوای من لە پشت کەشکانی (فاشییەتی زمان) و (سەردەمی پاش حەقیقەت) و (زیرەکی دەستکرد)، سیحری گەشتی خەیاڵ پردەکە بە جوانی! واتە ئەگەر ژەهراویبوونی زمان بە دەسەڵات، سەرچاوەی ئاڵەز و نادیاری مامەڵەکردن بێت! ئەگەر سەردەمی پاش حەقیقەت، لە بە مانابوونی حەقیقەتی چیگوتنەوە ڕەنگیدابێتەوە. ئەگەر زیرەکی دەستکرد، توانای مرۆڤی باڵا بنوێنێ. ئەوە دەزینەوە و سەیرورەی داهێنان لە جوانی ڕاگوزەر و خەیاڵی بە سنوور درۆژ دەبێتەوە.
یەکەمیان، میکانیزمی دەسەڵات و ستراتیژی بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵات بەرِەوەی دەبات. واتە: زمان، هەر کە قسەی پێدەکەین، ئەگەر پرتەپرتەکیش بێت، ئەوا ڕِەك دەچێتە خزمەتی دەسەڵاتەوە! لە زماندا ملکەچی و دەسەڵات، تەکەڵەی یەکتری دەبن و بە حەتمی ئاوەزانن! بەو مانایەش زمان، بە سرووشتی خۆی، پەیوەندیی نامەکردنی ناچاریکرانە لەخۆ دەگرێت. گوتاری دەسەڵاتیش کەی ئەو گوتارانە دەگرێتەوە کە بنەماکانیان لەسەر حەقیقەتی زمان هەڵچنراوە.
دووەمیان، سەردەمی پاش حەقیقەت پەیوایە حەقیقەت چیتر وەك کەنسەپت و فاکت، وەك بەڵگە و داتا مانای نەماوە! بەگومان لە پشت گەڕِان بە دوای حەقیقەتدا، خودی ئیرادەی حەقیقەت وەستاوە؟ بەڵام لە پشت ئیرادەی حەقیقەت، جگە لە ئیرادەی دەسەڵات شتێکی دیکە نییە؟!.
سێیەمیان، بە مەبەست بە، یان بە مەبەست، پەماندەت: بەهەی پشکەوتنی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیا و زیرەکی دەستکردەوە، لەبەردەم جیهانێکی مەدەرنی جیاوازداین. پەدەچێت گەشەی خەرایی زیرەکی دەستکرد تارِادەیەك کاریگەری لەسەر دنیای کارامەییەکانی سەدەی بیست و یەکەم و ژیانی مرۆڤدا هەبێت. بەڵام ئایا دەتوانێت کۆتایی بە گەشتی خەیاڵ و جوانی بهێنێت؟.
وەك دەبینین هەر سە تەزەکە لەسەر گەڕِان و ڕەتکردنەوە و نکەڵەیکردن کار دەکەن! سپینۆزا دەڵێ: هەموو نکەڵەیکردنێك پێناسەیە! بەڵام هەرگیز سیحری داهێنان لەسەر پێناسەکردنی دیاریکراو نەوەستاوە، هەمیشە پێناسەی نوێ دەخاتەوە و کۆتایی بە نییە! دەزینەوە و سەیرورەی داهێنان بەردەوام دژ بە پێناسەکردنی دیاریکراو دەبێتەوە.
دەسەڵاتی فاشیزم هیچ شتێك ناخولقێنێ، بەڵکو تەنها سارِۆژی دەکاتەوە. پێناسە دیاریکراوەکانیش جگە لە خەیان شتێکی دیکەی جیاواز ناخولقێنن، تەنها دایاندەڕِۆژنەوە. پێناسە و دەسەڵات و

حەقیقەت دیارن. داهێنان و دەزێنەوە و سەیروڕە ئاڵەز و نادیارن.

خەیاڵ و جوانی، مەعریفەی شیعریی

جوولەی خەیاڵ و جوانی، چەژ بەرهەوەی دەبات، لە ڕەگای ستراتیژی مەعریفەی شیعریی، (درککردن و تێگەیشتن و دەزێنەوە). چەژ و جوانی هەر تەنها لە گەشتکردندا نییە، لە حەقیقەتەکانیشدایە؟! بەڵام چەژی داهێنان بەردەوام لە جوولە و جێگیرنەبوونی جوانییەوەیە، چەژی حەقیقەتەکان لەسەر جێگیربوونی جوانی وەستاوە.

جێگیرنەبوونی داهێنان و جێگیربوونی حەقیقەت دوو وەزیفەیان هەیە: وەزیفەی یەکەم، دەکەوێتە سەر تێگەیشتن و ڕاڤەکردن و لەوەوە (مامەڵە) لەگەڵ دەسەڵاتدا دەکات. دەسەڵاتیش هەمیشە میکرەبەکە بە خانەکانی کەمەڵگاوە نوساوە. وەزیفەی دووەم، لەسەر دەزێنەوە و داهێنان کار دەکات و گەشتی خەیاڵە بە شوێنێکی نادیار.

ئەگەرچی (دەزێنەوە و داهێنان) بە (تێگەیشتن و ڕاڤەکردن) مەترسیەکی گەورەیە. چونکە دەزێنەوە و داهێنان (پرسیار) و کارامەیی درووست دەکات، بەڵام تێگەیشتن و ڕاڤەکردن رازیکردن و (بڕوابوون) دەخاتەوە. جیاوازی نێوان (پرس) و (باوڕ) جیاوازی نێوان (مامەڵەکردن) و (گەشتکردن)ە. کەواتە چەژ جیاوازییشە!

کێشەکانی سەردەم، درککردن و تێگەیشتنی دەوێت. فەزای داهێنان، دەزێنەوە و سەیروڕە. ئەگەر بشە مامەڵەکردن کێشەکانی سەردەم لەخەدا جێگیر بکات؟! ئەوە گەشتکردن نەك هەر (نا)یەك ڕووبڕووی باسی کەتاییەکان بەرز دەکاتەوە، بەکو لە ڕەگای شەوازی (هەشتا-نەگەیشتن) ململانێ لەگەڵ دەسەڵات و پێناسەکانیشدا دەکات. کەواتە پرسیسەکردنی شیعریی لە دارِشتنەوەی بەردەوامی گەشتکردنی خەیاڵ و جوانیدایە، ناکەوێتە دەرەوەی مەعریفەوە، چونکە ئەزموونگەرییە! ئەزموونگەری جیاوازیش لە دەرەوەی درککردن و تێگەیشتن و مامەڵەکردندا ناژی، بەڵام مەرج نییە داهێنان بێت. وەکچۆن پرسیسەکردنی خوێندنەوە لە دەرەوەی درککردن و تێگەیشتن و مامەڵەکردن و داهێناندا ناژی، بەڵام مەرج نییە، بەرهەمهێنانەوە بێت.

دواجار پرسیسەکردنی شیعریی (نووسینەوە و خوێندنەوە) لە ئەزموونگەرییدا هەڵدەگرینەوە، وەکچۆن باسی کەتاییەکان لە سەیروڕدا شیدەکەینەوە. دەزێنەوە و سەیروڕەی داهێنان لە ڕەگای ئازادییەوە، لە ڕەگای گەشتکردنی خەیاڵ و جوانی بە سنووروە فاشیەتی زمان و سەردەمی پاش حەقیقەت و زیرەکی دەستکرد دەبڕِێت. ئەزموونگەری شیعریی سرووشتی جوانی لەخە دەگرێت، لە مەعریفەی شاعیر و شارەزایی خوێنەر جیانابێتەوە. وەکچۆن لە ڕەگای خەیاڵی

ئەدەبییەوە لە مەعریفەکانی دیکە جیادەبێتەوە.
دەموەت بەم داهێنانی شیعریی، درککردنی فاشییەتی دەسەڵات و تێگەیشتنی ونبوونی حەقیقەت و ڕەتکردنەوەی پێناسەکان و دەزینەوەی مەدیلێکی جیاوازی دیکەی مەعریفە و کارامەییە. بەو مانایەی کە جیهانبینی شیعریی و مەعریفەی شیعریی پابەندی جوانی ڕاگوزەر و گەشتکردنی خەیاڵە. بەو مانایەی کە جیهان لەنێو جوانی و خەیاڵدا بە شیعرکردنی دنیایە، دنیای شیعریی هەرگیز لەو شوێنەوە دەست پێناکات، کە خەیاڵ و جوانی لێیەوە کۆتایی دێت، بەڵکو لە سەیرورەی داهێناندا خۆی دەدەزێتەوە. مەرج نییە مەعریفەی شیعریی حەقیقەتی جیهان بهێنێتە نێو گوتارەوە، بەڵام پێویستە حەقیقەتکانی جوانی بخاتە نێو گوتارەوە. خەیاڵ هەمیشە داهێنان بەرِەوە دەبات، هیچ کاتێ خەیاڵ نامرێ، وەکچۆن جوانی ڕێگایەکی گرنگی ئازادییە، ئەوەی دەگەرِێ لە حەقیقەتدا شیعرە.
لەو لێکدانەوەیەدا چەمکی (مامەڵەکردن) و (گەشتکردن) لە هەردوو چەمکی شیعرییەتی دەق و شیعرییەتی خوێندنەوەدایە، لەوەوە جوولەی سەیرورە دەنووسینەوە! بەڵام گەشتکردن جۆهەری داهێنانە، گرنگ نییە تە مامەڵە دەکەیت، یان نا. دەشە گرفتی ئەو رستەیە لەوەوە بە، کە ڕەهەندەکانی داهێنان هەر پەیوەندی بە جوانی و خەیاڵەوە نییە، بەڵکو بەشێکی پەیوەندی بە ڕووەکانی حەقیقەتەوە هەیە، هەشتا پرِە لەو یادەوەرییانەی پێش خۆی، ئەو کاتەی کە یادەوەرییەکان لە جێگیربوونـدا دەبنە سەیرورە، داهێنـان یادەوەرییەکـان دەبرِێـت! ئەگەرچی زمان هەرگیز بە لایەن نییە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوەشدا داهێنـان بەبە خوێنـدنەوەی بەردەوام و سـەیرورەی بەردەوام هیـچ ڕەهەندێکی حەقیقی جێگیر ناس ناکات.
(بەختیار عەلی) لە کتێبی (وەك باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان- ناونـدی ڕەشنـبیریی و هـونەری ئەنـدەشە- سـلێمانی، 2012)دا بە شـەوێکی دیکە دەڵێ: ئەگەر فریـوی جـوانی، لە فریـوی حەقیقەت گەورەتر نەبێت، مرۆڤ هەرگیز ئەفسانە و شیعر و چیرِۆکی نەدەنووسی! ئەگەر فریوی حەقیقەت فریوێکی بەهێز نەبایە، مرۆڤایەتی ئایین و زانستی بەرهەم نەدەهێنا.
ئەوەی بەختیار عەلی جەختی لەدەکاتەوە هونەر و حەقیقەتە، دەشە بەشێکی گەورەی بیرهێنانەوەی تەزی (زمان هەرگیز بە لایەن نییە)ی (بـارت) بـێـت! بەڵـام ئەوەی لەو لێکـدانەوەیەی سـەرەوە جەختـی لەدەکرێتەوە، هەر تەنها ئەوە نییە، کە مرۆڤ دەتوانێ جوانی بە بە حەقیقەت، مرۆڤ دەستبەرداری حەقیقەت بە بە جوانی! بەڵکو بە کورتی ئەوەیە، کە دەسـەڵاتی زمـان و سـەردەمی پـاش حەقیقەت و زیرەکـی دەستکرد، چۆن پرسیار و گومان دەخەنە دانوستانی ڕووەکانی حەقیقەت

و جوانییەو. تا واقیع نەبێتە پردێك بە خەیاڵ.

هەولێر 12/4/2024

کتێب\ فەلسەفەی شانۆ.. شانۆی فەلسەفی.. نیهاد جامی

بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئەربکەن..

Nehad_FalsafaiShanoDownload

کەمدیا یان گاتە جاڕی؟.. حەیدەر عەبدولڕەحمان

زۆرێك لە پسپۆرە دەروونیەکان وای بە دەچن کە پێکەنین وەك دیاردەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی، کاریگەری خێی هەیە لەسەر ژیانی تاك و کۆمەڵگا، بەڵام لەشانۆو سینەمادا ئامانجێکی فرەوانتر لە خێی هەدەگرێ و وروژاندنی پێکەنین بەئامانجی ئاراستەکردنی ڕەخنەیە بە نالەژیکیەتی هەوەستەکان .
بەیە کەمدیای ئامانج دار ڕەنی چاککردنەوەی هەڵە کۆمەڵایەتیەکان دەگەڕێت لەرگەی وروژاندن و نیشاندانیان، چونکە کاتە بینەر هەڵەکانی خێی بەچاوی خێی دەبینێ و خێی بە هەوەستە نالەژیکیەکانی خێی پێ دەکەنێ، ئەو کاتە پێکەنین دەبێتە فەلسەفەیەکی مرۆیی لەپێناو چاکسازی کۆمەڵایەتی.
بەگشتی پێکەنین لە فەلسەفەدا وەك حاڵەتێکی سایکۆلۆژی سەیر دەکرێت، بە ڕەواندنەوەی بارگرانیەکی دەروونی، بە تایبەت لەو کاتانەی مرۆڤ لەژێر فشارێکی زۆری نا ئارامی پێنا بە پێکەنین دەبات، بە بەدەستهێنانی جۆرێك لەهاوسەنگی و ئارامی دەروونی.

فەیلەسوفی فەڕەنسی (بەرگسۆن) کە ساڵی 1927 خەڵاتی نۆبلی بەدەست هێناوە بەتاکە فەیلەسوف دادەنرێت کە لە توێژینەوەکانیدا باسی لە کاریگەریەکانی پێکهێنین کردووە لەسەر مرۆڤ، بە تایبەتیش لەو کاتانەی دەبێتە بینەرێك لەشانەو سینەمادا، لەوەدا بیرگسۆن باس لەو ڕەگەزە بنەڕەتیەکانی پێکهێنین و فەلسەفەی پێکهێنین دەکات، بە ئەوەی پێکهێنین ئامانجە گەورەکانی خۆی بپێکهێنێ و دەست نیشانی هەموو ئەو خاڵانەی کردووە کە وادەکەن، ئەو بینەرە کاتەکانی خۆی لەشانەو سینەمادا چێن بەقازانجێکی زۆری سایکۆلۆژی و عەقلی قۆرخ بکات.

زۆر بەتەرو تەسلیش باس لەنواندنی ڕاستەقینەی کەمەدیاو فۆرم و جولانەوەی ئەکتەرو دیمەنە نالۆژیکییەکانی دەکات، هەموو ئەوانەی خستەتە ناو بەرگی کتێبێکی ناوازە بەناوی (پێکهێنین وەك فەلسەفە) خە دەکرێت ئەمەی کوردیش بپرسین ئاخە تا چەند چەمکی پێکهێنینەکەی (بەرگسۆن) لە نمایشی شانۆیی و سینەمای کەمیدی ئەمەدا ڕەنگ دەداتەوە؟

کەمەدیا بەچەمکە هونەری و فەلسەفی و ئایدەلۆژییەکەیەوە، لای ئەمە لەگەڵ تەپڵەبوونی کات وردە وردە بەها گەورەکانی خۆی لەدەست دەدات و لە ئامانجە ڕاستەقینەکەی خۆی ڕووت دەکرێتەوە، بەشێوەیەك بەرگێکی تری بازرگانی لەبەر دەکەن، کە نەیناسیتەوەو نەزانیت ئامانج لەبوونی ئەو جۆرە بەناو کەمەدیایە چیەو چ ئامانجێکی هەڵگرتووە.

کەچی ئەمەی کورد، لەڕابووردوودا لەڕووی کەمەدیاوە، میراتێکی دەوڵەمەندمان بە بەجێ ماوە، بەشێکی زۆر لەئەکتەرانی ئەمە لەسەردەمی ئاڵتوونیەوە تا ئێم دوایی‌ش کەمەدیا شا دەماری شاکارەکانیان بووە، بەتایبەتە کەمەدیای ڕەش ـ کە زۆر ئامانجی گەورەمان لە پەنایەوە گەیاندەتە هزری بینەرو مەشکمان پێی زوخاو داوەتەوە.

ناکرێت ئەوەی ئێستا لە هەندە بەرهەم لە سینەماو شانۆی کوردی دا دەیبینین ناوی کەمەدیایان لە بنەین، بەڵکو ئەمەیان هونەرێکی گاڵتە جاڕیە کە تەنیا دوو ئامانجی بنەڕەتی هەڵگرتووە:

1. بەپێکهێنین خستنی بینەر بەهەر فۆرمێك بێت .
2. لەبەرچاوگرتنی پرسە بازرگانیەکە لەژێر هەرناونیشانێك کە وەك بینەر ناوی دەنێیت.

ئەو کەمەگایانەی کە بەدەست فشارە کەمایەتی یان سیاسییەکانەوە دەناڵێنن، ڕەنگە پاساوی قەبوڵ کردنیان بە گاڵتەجاڕی ئەوەبێت کە ئەوان گاڵتەجاڕی وەك ئامرازێك بزانن بە دەربازبوون لەواقیعێکی تاڵ.

وەك ئەوان دەڵێن گاتەجاەی جەرەك لەكات بەسەربردن و ەزگاربوون لەفشارەكان دابین دەكات.
لەبەرامبەردا شانەی جدی، زەرجار باس لەپرسە ئاەزە كەمەایەتی و سیاسییەكان دەكات، كە هەندە جار هەندە لەبینەران لەدەستی ەادەكەن، چونكە نایانەوە ەووبەووی واقیعەكی تاە ببنەوە كە مەزاجیان تەك دەدات، یاخود نیگەرانیان دەكات.
لەهەندە كەمەگای وەك كەمەگای ئەمە، خواست لەسەر كەمیدیای گاەتەجاەی لە زیادبوونداە، ئەمەش وایكردووە هەندە لەبەرهەمهەنەران، ئەم ژانرەیان پە باشتر بەت، چونكە بەپەوەرە بازرگانیەكە بە ئەوان قازانجی زیاترە.
لەووی هونەریشەوە نواندنی گاەتەجاری جەخت لەسەر جولاندنی دەم و چاوو بایەخدان بە ئارایشت و جلوبەرگ و ەەنگ دەكات، كەمتر پشت بەدیالەگ و خیتابی شانەیی دەبەستەت.
لەو كەمەگایانەی كە هوشیاریی كەمەایەتیان تەدا كەم دەبەتەوە، پەویست بوونیان بە شانەو فیلمی جدیش لاواز دەبەت،
بەیە ئەستا خەریكە شانەو فیلمی گاەتە جاەی بە قەوارەیەكی بەر فرەوان و بە فەرمەكی تر دەگەەتەوە، كە تەیدا پرسە ماددییەكان دەخرەتە سەرووی هەموو شتەكەوە.
لای ئەوانە پرسیاری گرنگ ئەویە چەن زەرترین بینەر كە دەكەیتەوە؟ ژمارەی بینەرانت چەند دەبەت و فیلمەكەت چەند شارو چەند وەات دەكات؟
بەگشتی ئامانجە سەرەكییەكان لە نواندنی گاەتەجاەی لەم خاەانەدا كە دەبەتەوە:

1. كات بەسەر بردن

زەرجار ئامانج لای چینەك بینەری نا هوشیاریی شانەیی چەژەكی ستاتیكی یا ئایدەلەژی نیە بە چوونە شانە، بەەكو تەنیا بەسەر بردنی كاتە، كە پەیان وایە بەپەكەنین و گاەتەجاەی پە بكرەتەوە.
ئەمە لەكاتەكا ئەو جەرە نمایشە گاەتەجایانە ئاستی تەگەیشتنیان ئەوندە نزم دەكەنەوە، كە بینەر پەویستی بەهیچ گرەیەك نەبەت بە بیركردنەوە و بەئاسانی كاتەكان تەپەەنە.
بەی ئەو بینەرە سادەیە لەبەی نوخبەی شانەیی یا بینەری هوشیاریی شانەیی زەتر دەبەت و هەندە دەرهەنەر لاف و گزافی پە لە دەدەن گوایە نمایشكانیان پەن لەجەماوەر.
بەەام هەرگیز ئەو بینەرە بازاەیە پەوەر نیە بە سەركەوتنی

نمایش، جگە لەوەنگدانەوەی ویستی ئەو جۆرە بینەرانە نەبێت بە کات بەسەر بردنی خۆرا، وەك فیلمەکەی ئەم دواییەی حاجی جادرو برادەرانی.

2.کوالیتی کار

ئەنگە بەرهەمە جدی و ئاست بەرزەکان بینەرەکی بچووکتریان هەبێت، بەڵام چینەکی تایبەتمەندتری ئارزوومەند بە شانە بە خۆیان ڕابکێشن.

لەوانەیە ئەم بەرهەمانە لە ڕووی دەق و ئاراستەکردن و نمایش و پێیام و ئایدەلۆژییەوە کوالیتەکی بەرزیان هەبێت، بەڵام مەرج نییە ژمارەیەکی زۆر بینەر بە خۆیان ڕابکێشن.

3.هەکارە ئابووری و کەمەڵایەتییەکان:

هەندێك جار بەرهەمە شانۆییەکان کە بینەرەکی زۆر ڕادەکێشن، پێویستن بە بارودۆخی ئابووری و کەمەڵایەتی، وەك کەمی تێچووی بلیت، یان بانگەشەیەکی بەرفراوانی میدیایی بە ڕاکێشانی بینەر، کە دوای بینینی بەرهەمەکە ئینجا تە دەگەن، میدیا و پەپاگەندە لەخشتەی بردوون، وەك فیلمەکەی کفن.

2. پێشبینی بەتاڵ

هەندێان لەبینەران بە هەڵەسەنگاندنی بەرهەمەك پشت بە بەرهەمی ڕابووردووی دەرهێنەرەك دەبەستن، کاریگەری لەسەر ئامادەبوونی بینەر دەبێت، کەچی ئەنگە پێشبینیەکان لەسەر بنەمای ئەزموونەکانی ڕابووردوو دروست نەبێت و ڕوو بەووی حاڵەتەکی پێشیمان بوونەوە بێن، هەروا پێشبینی کردن لەسەر بەشداری پێ کردنی هەندێ ئەکتەری ناسراویش، دیسان هەر پێوەر نیە بە سەرکەوتن، ئەنگە ئەکتەرەکانیش لەهەموو بەرهەمەکدا سەرکەوتوو نەبن.

دوالیزمی ریفەرم و شەش خاڵی وەرچەرخانی کەمەنیزم بەرەو

ریفۆرمیزم.. ئاسۆ کۆمال

زۆر سوپاس بۆ بۆشداری گرنگی هاوڕێم ئیبراهیم محمد، کە چەند مەسەلەیەکی پەیایەخی وروژاندوە سەبارەت بە وتارەکم (شۆڕشی سۆشیالیستی و ئەزمونی شۆڕشکانی سەدەی ٢٠)، کە جەگای گفتوگۆی جدین کە لەرەدا باسیان دەکەم.

لەرەدا لە چەند تەوەرەکدا ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ هاوڕێ ئیبراهیم دا دەبینە پەشوە. بە بەبیرهەنانەوەی خوێنەران تەوەرەی یەکەم بریتی بوو لە : بەچی شۆڕشکانی تا ئەستا سەرکەوتونەبون؟

تەوەری دووەم : ئایا دوالیزمی ریفۆرم و شۆڕش بۆشکی کارکردی حزبەکی کرەکاریی یە ؟ ئایا هەکاری وەرگەڕانی سۆشیال دیموکراتی بەرەو ریفۆرمیزم و لادان لە شۆڕش چی بوو؟

سەرنجی هاوڕێ ئیبراهیمە لەسەر وەڵامەکانی من سەبارەت بەو پرسیارانەی سەرەوە بەم شێویە یە:

هاوڕێ برایم دەڵێ "دوالیزمی ریفۆرم و شۆڕش بۆشکی کارکردی حزبەکی کرەکاریی یە کە بیەوە پێیوەندی بە خەباتی کرەکاریی وە بەردەوام بەت و دانەبڕەت لە خەباتی ڕۆژانەی کرەکاران و ناڕازایەتیەکان و ئامادەیی هەبەت پێویستە ریفۆرم کرەکاریی بەهێند وەربگیرەت، چونکە کرەکاران هەمووکات لە هەلومەرجی شۆڕشی کردندا نین .
هەروەها دەڵێت:
ئەگەر قسە لە سەر ئەو خەتەکاندنەوە ی سۆشیال دیموکراتیە لە ئامانج و دەستگرتن بە ریفۆرمی وە وەک ستراتیج ، ئەوا ریشەی ئەوە دەگەڕێتەوە بە ئەو گەڕانکاریانەی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانەوەی سەرمایەدا ڕوویان دا زەمینەی ئەوەی خەشکرد کە ریفۆرمیزم وەک ستراتیژی سۆشیال دیموکراتی دا ببەتە ئامانج و ستراتیژ."

ئەوە ڕاستە کە هاوڕێ برایم دەڵێ " حزبەکی کرەکاریی یە کە بیەوە پێیوەندی بە خەباتی کرەکاریی وە بەردەوام بەت و دانەبڕەت لە خەباتی ڕۆژانەی کرەکاران و ناڕازایەتیەکان و ئامادەیی هەبەت پێویستە ریفۆرم کرەکاریی بەهێند وەربگیرەت، چونکە کرەکاران هەمووکات لە هەلومەرجی شۆڕشی کردندا نین ." بەڵام ئەوەی لە ڕاستیدا ڕووی دا لە نەو سۆشیال دیموکراتی وەک حزبەکی کرەکاریدا، ئەوە بوو کە دروستبونی دوالیزمی ریفۆرم و شۆڕش لەو حزبەدا بوە خاڵی وەرچەرخانی کەمەنیزم بەرەو ریفۆرمیزم. لەم پرۆسەیەدا سۆشیال

دیموکراتی لە قاڵبی حزبێکی ڕیفۆرمیستدا مایەوە و وازی لە هەموو شێوەکان کردنەک بەسەر سیستمی سەرمایەداری و دەزگای دەوڵەتی بورژوازیدا هێنا.

سەرەتا جیاوازی کۆنسێپت و زاراوەی دوالیزم لە زاراوەی دوولایەنی سادە و گشتی دەخەمێنێ . دوالیزم دەربڕینێکی دیکارتە، کە بەمانای دوو لایەنی جیاواز یان ناکۆک دێت، نەک دوو لایەنی هاوبەش. لەناو حزبی کرێکاریدا ڕیفۆرم و شێوەش ناکۆک و دوالیست نین بەڵکو هەردوکیان دوو بەشی یەک پرۆسەی خەباتی کرێکارین. دوالیزم جیاوازە لە یەکێتی ئۆرگانیکی دوو لایەنی خەباتی کرێکاران بە ڕیفۆرم و شێوەش کردن لە بواری ئابوری و سیاسیدا لە کەمەڵەی سەرمایەداریدا. دوالیزم واتە ناکۆکی ئەم دوو لایەنەی خەبات بەیەکتر. واتە ناکۆکی نیوان ڕیفۆرم و شێوەشکردن. ئەمە یەکێک لە ئاوگەڵە ڕیشەییەکانە کە بەسەر سۆشیال دیموکراتی کرێکاریدا هات لە دوای کۆمۆنەی پاریسەوە. ئەم دوالیزمە خۆی لە تێگەیشتنی جیاواز و دژ بەیەک نیشاندا لە نێو بزوتنەوەی کرێکاریدا سەبارەت بە جێگای ریفۆرم و هەوڵست بەرامبەر بە دەوڵەت و پەرلەمان و ئایندەی خەباتی دژی سەرمایەداری. کەواتە "دوالیزمی ریفۆرم و شێوەش بەشێکی کارکردی حزبێکی کرێکاریی" نیە و بەپێچەوانەوە لەلای حزبی کرێکاری یەکێتیەکی ئۆرگانیک کە لەنێوان ریفۆرم و شێوەش یان لە نێوان خەباتی ئابوری و خەباتی سیاسی کرێکاراندا هەیە، نەک ئەم دوو لایەنە دژ بەیەک و جیاواز بن.

ئەم دوالیزمە وەرچەرخانە بەرەو ڕیفۆرمیزم، کە وەک هاوێ برایم دێت: " دەگەڵتەوە بە ئەو گەڵانکاریانەی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانەوەی سەرمایەدا ڕوویان دا". بەڵام بەتەنیا ئەم دێ ناتوانێ ئەو وەرچەرخانە گەورەیە ڕوشن بکاتەوە و هەربۆیە لەم پاستە دوورودرێژدا ئەم مەسەلەیە ڕون دەکەمەوە، کە هیوادارم خوێنەری فەیسبوک تاقەتی خوێندنەوەی بابتەتێکی وا دوورودرێژی هەبێت.
ئەم دوالیزم و ریفۆرمیزمە گەڵانکاریەکی فکری و سیاسی بوە، کە دەگەڵتەوە بە گەڵانکاری ئابوری و سیاسی بون لە دەخی سەرمایەداریدا و لە ململانێی چینایەتی کرێکاران دژی دەوڵەت و چینی بورژوازی دەسەڵاتدار. هەربۆیە پەویستە ئەم خاڵی وەرچەرخانە وەک قۆناغێکی جێگای بایەخی گەورەی مێژوویی شرۆڤەیەکی هەمەلایەنە بکرێ. گرنگە بەتین چۆن ئەو گەڵانکاریە سیاسیە بەهۆی گەڵانی ئابوری سەرمایەداری ڕویدا و لەوەش گرنگتر بەلای منەوە ڕەشنکردنەوەی ئەو گەڵانکاریە سیاسیە لە خەباتی چینایەتی کرێکاراندا و بەچی بەشێک

لە چینی کرێکار و حزب و یەکخراوە جەماوەریەکانی بونە یەفرمیست؟
گەلان لە حزبەکەوە، کە لە پەناو ئامادەکردنی کرێکاران بە گەیینی سیستمی سەرمایەداریدا دروست بووە، بەرەو حزبێک کە خەی ببەتە بەشێک لە دامودەزگای بورژوازی و هەشتنەوە و پاراستنی سیستمی سەرمایەداری، گەلانێکی یەشیی و گەورەیە. ئەمە خاڵی سەرکی ئەم گفتوگۆیەمانە، کە لەکدانەوەیە لە هەکارەکان و پرسی گەلانی حزبی کرێکاریی لەسەدەی بیستدا. ئەمە هەرچەند لە ابردویەکی دووردا ویداوە، بەڵام زەمینەکانی لە دنیای ئەمەدا وەکو خەی ماوە. وە سەرتای ئەو گەلانکاریانەیە کە دواتر ەەەوی بزوتنەوەی کرێکاریی گەیوە . ئەم وەرچەرخانە سەرجەم مەدەلی سیاسی و ئابوری سەشیالیزم لە سەدەی بیستدا دگەە بە مەدەلی ریفەرمی سیاسی و ئابوری لە سەرمایەداری، دیگەە بە مەدەلی سەشیالیزمی دەوەتی، کە لە لای هەردوو باە یەفرمیستی سەشیال دیموکراتی و شەشگەەی بەلشەفی وەک مەدەلی دەسەاتدارەتیان جەگیر دەبەت. مەدەلێک کە هەرچەند ئەستا شکستی هەناوە و لە بنبەستدایە، بەەام تا ئیستاش لە بزوتنەوەی کرێکاریدا بەدیلێکی سەشیالیستی تر جەگای نەگرتەتەوە، هەربەیە جەگای گرنگی پیدانی ئەمەمانە وبیرکردنەوەیەکی ەخنەگرانە لەم تەجروبەیە ەگا بەگەیشتن بە کەمەنیزمەکی نوە دەکاتەوە.
دوالیزمی ریفەرم و شەش خەی ناونیشانێک و نیشانەیەکی لادان و گەلانکاری یەشیی ترە، کە لە ستراتیژ و ئامانجی بزوتنەوەی کەمەنیستی و کرێکاریدا دروست بوو. ئەم مەسەلەیە هەر بەتەنیا بە باسی ناکەکی نەوان خەباتی ئابوری و ریفەرم لەگەە خەباتی سیاسی و شەشدا لەک نادرەتەوە. بەکو پەویستی بە لەکدانەوە لەو گەلانکاریە بنچینەییانە کە ویاندەاوە، وە ناسینی ئەو کەم و کورتیە فکری و پراکتیکانە، و ئەو هەسەنگاندنی تەجروبانەیە کە ئەم دوالیزمەیان خوەقاندووە.

لە دەورانی شەشکانی ناوەاستی سەدەی نەزدەدا و لە خەباتی دیموکراتی بورژوازی دژی دەرەبەگایەتی و خاوەن موەکە ئەرستەکراتەکان، کرێکاران لە پەناو ئازادی و مافە ئابوریەکانی خەیاندا بەشداری ئەم شەش و خەباتە سیاسیە بوون. بەام بە سەقامگیری دەسەاتی پەرلەمانی بورژوازی، وەک ئاکامی جەگیر بوونی ئیمتیازات و یاسا و باج و شەوازی بەرهەمهەنانی سەرمایەداری و نەهەشتنی ئیمتیازاتی دەرەبەگایەتی، ئیتر بورژوازی بووە هەزی دەسەاتدار، وە کە سەرکوتی هەر خەباتەکی کرێکاری دەکرد کە دژ بە سیستمی سەرمایەداری دەوەستایەوە. سەرەتا بورژوازی تازە دەسەاتدار ئەم خەباتەی کرێکارانی استەوخە سەرکوت دەکرد، و

هەروەک لە ئەڵمانیا یاسای دژی سۆشیالیستەکانی سەپاند و لە هەموو وڵاتانی تریش هەرشی بەردەوامی دەکردە سەر یەکێتیە کرێکاریەکان و ڕەکخراوە سۆشیالیستی و کۆمۆنیستیەکانی چینی کرێکار.

بەهۆی دواتر و بەتایبەت پاش کۆمۆنەی پاریس بورژوازی بە ناچاری و وەک ئەمری واقع دانی نا بە دەوری چینی کرێکار و ڕەکخراوەکانیدا و هەر بەیە ڕەگای لە قاڵبدانی ئەم بزوتنەوەیەی گرتە بەر لە چوارچێوەی دەسەڵات و دامەزراوەکانی بورژوازی خۆیدا و لە هەندێ لە وڵاتەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا ڕەگا بە کاری یەکێتیە کرێکاریەکان و ڕۆژنامە سۆشیالیستیەکان درا وەگریەکانی بەردەم دەنگدانی گشتی کۆمکرانەوە و نوێنەرانی سۆشیال دیموکراتەکان توانیان بەشداری هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکان بکەن و کورسی بدەست بهێنن.

ئەمە لەسەر بنەمای ئەم گەڕانکاریە سیاسی و ئابوریانەی لە کۆمەڵگە و دەخی خەباتی چینایەتی نێوان کریکاران و بورژوازیدا ڕویداوە دەچینە سەر ئەو ئاوگەڕانەی بەسەر سۆشیال دیموکراتی کرێکاراندا هاتووە لەو دەورانەی سەرهەڵدا لە دوای کۆمۆنەی پاریسەوە تاکو جەنگی جیهانیی یەکەم.

لەم پرسەیدا ئەو یەکێتیە ئەرگانیکەی کە لە نێوان خەباتی ئابوری و خەباتی سیاسی کرێکاراندا لە بەیارنامەکانی ئینتەرناسیونالی یەکەم سەبارەت بە "بنەماکانی ئینتەرناسیونال و سەبارەت بە یەکێتیە کرێکارەکان" [1]هاتبوو، گەڕدرا بە دوالیزمی شەش و ریفەرم.

پەیوەندی دیالەکتیکی نێوان خەبات بە باشترکردنی هەلومەرجی ئیستای ئابوری و سیاسی چینی کرێکار و پەیوەستکردنەوەی بە ئامانجی کۆتایی ڕزگاری ئابوری و شەش بەسەر دەسەڵات و سیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا، هەمیشە لای مارکس جێگای گرنگی پیدان بووە و ئەمەش بووەتە مایەی مشتومڕ و جەدەلێکی زۆر لەگەڵ ئەو بەشە لە کرێکاران و سۆشیالیستە ئەنارکیستەکان کە دەوری ئەم پرسەیەی گەشەکردنی ڕەکخراوەیی و تەجروبەی سیاسی کرێکارانیان بەلاوە گرنگ نەبوو. مارکس خەباتی چینی کرێکاری بە ڕزگاری لە پرسەیەکدا دەبینی کە ئەم چینە ئامادەیی تەواوی هەیە و زەمینەی مادی لە کۆمەڵگەدا ڕەخساوە بە گەیینی شەشگەڕانەی کۆمەڵگە و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی هەروەزی بە چین و چەوسانەوە.

دەورەی دوای کۆمۆنە دەورەیەکی دوالیزمی ئیڤلەشن و گەڕانکاری

بزوتنەوەی کرێکاریە. دیوێکی گۆشەی سۆشیال دیموکراتی و یەکێتیە کرێکاریەکان و جیهانی بوونەوەی خەباتی چینایەتیە. بەڵام ئەمە تەنیا دیوێکی ڕوداوەکان و دەخی دوای کۆمۆنەی پاریسە. دیوەکەی تری بریتیە لە چەند ئاوگۆڕێکی دژ بەیەک و ئاڵۆز.

بورژوازی ئەوروپا و جیهان لە بەرامبەر شەکی کۆمۆنەدا خەتەری ئەم چینەی لەسەر سیستمی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری دەرک پێ کرد و بەدیل و "گۆڕەکەنی" خەی بینی. هەربۆیە لەلایەک کەوتە توندکردنەوەی فشار لەسەر هەموو ئەو ڕەکخراوانەی کە سەر بەو "کۆمەڵەی ئینتەرناسیونالی کرێکاران" بوو، وە لە لایەکی تریشەوە سیاسەتەکی ئەهوەن تریان بەرامبەر یەکێتیە کرێکاریەکان گرتە بەر بەو مەبەستەی کاریگەریان لەسەر دابنێن.

لیبرالیزمی بورژوازی وەک بزوتنەوەیەکی سیاسی و ئابوری بااڵادەست بوو، وە لەسەر بنەمای گۆشەی جیهانی سەرمایە کاریگەری لەسەر بزوتنەوەی کرێکاریی دانا و توانی ئاستی چاوەڕوانی و شەوازی کاری یەکیتیە کرێکاران لە قاڵبی ریفورمیزم و پەرلەمانتاریزم بەرتەسک بکاتەوە و ململانەی بیروای شۆڕشگێڕانەی نەو بزوتنەوەی کرێکاریی بکا. لە چەشنی فابیەکانی بریتانیا و "ئیمکانگەرا"کانی فەرەنسا.

چینی کرێکار لەم دەورەیەدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشەی نوێ بووە، کە جیاواز بوو لە کێشەی دەورانی سەرکوتی دەوڵەت و برسێتی لەڕادەبەدەری جاران. لە کاتێکدا گۆشەی سەرمایەداری بە دەورەیەک ڕەخسا بوو ، توژێکی ئەرستوکراتی کرێکاری دروست بوبو کە پلە و پۆستی سەرەوەی سەندیکا و یەکیتیە کرێکاریەکانیان بەدەستەوە گرتبوو.

لەهەمان کاتدا گۆشەی سۆشیال دیموکراتی و سۆشیالیستەکان و یەکێتیە کرێکاریەکانیش گەیشتە ڕادەیەکی بەرز، کە توانی زەربەی فشارەکانی دەوڵەتە بورژوازیەکان لەسەر کاری سیاسی و جەماوەری لابەرە و ئەمەش زەمینەی کاری یاسایی و پەرلەمانی کردەوە و ئەم چینە پێی نایە مەیدانێکی تازەی خەباتی سیاسیەوە.

ئەو پرسیارەی لەم دەورەیەدا دروست بوو ئەوە بوو، کە دوای ئەو گۆڕە ئاسەیەی بزوتنەوەی کرێکاری و سۆشیال دیموکراتی کردی، ئایا ستراتیژی گەیشتنە دەسەڵات چییە؟ وەڵامەکانی نەو بزوتنەوەی کرێکاری و سۆشیال دیموکراتی بەم مەسەلە و دەخە نوێیە جیاواز بوون و هەربۆیە کۆشە و ناکۆکی لە نەوخەی بزوتنەوەکەدا سەریهەڵدا. ئەمە

ئەو ئەزمەیە ودوالیزمی ریفەرم و شەشی سەشیال دیموکراتییە کە هاتە ئارا وچارەنووسی بزوتنەوەی کرێکاریی گەی.

ئینگلس ووە بە حزبی سەشیال دیموکراتی ئەمانی ئەو پرسیارە دەکا کە "ئاکامی هەموو ئەمانە دەبی چی بە؟ ئەوەنەبە کە حزب کتوپڕ، لەکاتی بریاردا، نەزانە چی بکا؟ لە کاتێکدا کە ناەشنی و نادنیایی هەبە سەبارەت بە خاەن بەنرەوەکان، ئەو خانەی کە پەشتر هیچ کات گفتوگۆیان لەسەرنەکراوە؟"[2]

کەواتە " ناەشنی و نادنیایی" هەبووە سەبارەت بەم ستراتیژیەی حزبە جەماوەریە سەشیال دیموکراتەکان بە گرتنی دەسەات و کاراکتەری خەباتی چینایەتی و پەیوەندی نەوان کرێکاران و بورژوازی لە کەماری دیموکراتیدا و گەیشتن بە حکومەتی سەشیالیستی لەگەی هەبژاردنی پەرلەمانیەوە .

بەلام دوایی ەشن بووە کەشکە هەر "ناەشنی و نادنیایی" نیە لەوەی سەشیال دیموکراتی دەبە چی بکا؟ بەکو، "دەرکەوت کە گەشەی حزبە سەشیال دیموکراتە جەماوەریەکان بەرەو شەوازێکی ووبەووبونەوە نەچوو، بەکو فەرمەکی تەکەاوبوونی بزوتنەوەکەی لەگە سیستمی مەوجوددا (سەرمایەداری) لە دروست بوو."[3]

هەرچەند لای مارکس و ئەنگلس ئەم لادانانە لە بنەما کەمەنیستیەکان لە نەو بزوتنەوەکەدا هەستی پەکراوە و ەخنەی لەگیراوە. بەام بەتایبەت دوای ١٨٩٠ لە کاتێکدا کە بزوتنەوەی سەشیال دیموکراسی جەماوەریی دەبەتەوە، ئیتر ئەم مەترسیەی کە بزوتنەوەی کرێکاری ببەتە بەشێک لە سیستمی سەرمایەداری زەرزیاتر گەشە دەکا. ەخنەیێک لە ئینگلس هەبە ئەویە کە حسابی کەمی بە ئەم مەترسیە کردووە.

گەان لە حزبەکەوە کە لە پەناو ئامادەکردنی کرێکاران بە گەینی سیستمی سەرمایەداریدا دروست بووە بەرەو حزبێک کە خەی ببەتە بەشێک لە دامودەزگای بورژوازی و هەشتنەوە و پاراستنی سیستمی سەرمایەداری گەانێکی یشەیە.

دوالیزمی ریفەرم و شەش خەی ئاکامی گەانکاری یشەیی ترە، کە لە ستراتیژ و ئامانجی بزوتنەوەی کەمەنیستی و کرێکاریدا دروست بوو.

جیاوازیەکانی نەو بزوتنەوەی کرێکاریی سەبارەت بەم دەخە خەی لە بەرگی دوالیزمی ریفەرم و شەشدا نیشاندا، و ئینتەرناسیونالی دووەم و بزوتنەوەی کرێکاریی لە ژێر ئەم ناونیشاندا بوو بە دوو

بەشەوە. لەسەردا باس لەو گەشانکاریە ئیشیانە دەکەین کە لە ستراتیژ و ئامانجی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاریدا دروست بوو. هەروەها باسی ڕەخنەی هەرکام لە مارکس و ئینگلس لەو هەوڵستانەدەکەین کە بەرامبەر بە دەوڵەتی بورژوازی و مانەوە لە بازنەی ریفۆرم لەنێو سۆشیال دیموکراتیدا خراوەتەڕوو. دواتریش ڕەخنەکانی پانەکوک و لینین و ڕۆزالوکسبورگ لە ریڤیژینزم و پەرلەمانتاریزم دەخەینەڕوو، تاکو دیدێکی ڕۆشن لەو کێشەکێش و ئاڵوگۆڕانەمان هەبێ کە لەم بزوتنەوەدا ڕویداوە، وە بزانین چۆن ئەم بزوتنەوە کرێکاری و کۆمۆنیستیە بەپێی دەخ و گۆڕانکاریە سیاسی و ئابوریەکان و مەسەلەکانی ناو خەباتی چینایەتی گۆڕانی ئیشیی بەسەردا هاتوە؟

لە دوای کۆمۆنەوە مەسەلەی پێیوەندی نێوان کرێکاران و دەوڵەتی بورژوازی دەبێتە یەکێک لە کێشەکان و جیاوازیەکان . لە ساڵی ١٨٧٥مارکس ڕەخنە لە لاسال دەگرێ و دەڵێ "تەنیا لاسال خۆی، بە لەخۆبایی بوون و خۆیاڕەکانیەوە، لەتوانایدایە کە باوەڕ بەوە بکا کە مومکینە، بەهۆی یارمەتی وەرگرتن لە حکومەتەوە، کۆمەڵگەیەکی نوێ دروست بکۆی هەر بەو ئاسانیەی کە هەڵەکی تازەی ئاسن دروست دەکۆی."[4]

ئەمە لەوەڵامی ئەو بەندەی "بەرنامەی گۆتە" دایە کە لاسال دەڵێ "بە ڕەگە کردنەوە بە چارەسەری مەسەلەی کۆمەڵایەتی، حزبی کرێکارانی ئەڵمانیا داوادەکەن کە بە یارمەتیدانی دەوڵەت هەروەزیە بەرهەمهێنەرەکان دروست بکرێ."[5]

مارکس درێژە بەم ڕەخنەیە دەدا سەبارەت بە تێگەیشتنی لە دەوڵەتی بورژوازی و چۆنیەتی گۆڕینی هەلومەرجی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، و دەڵێ "کاتێک کریکاران هەوڵدەدەن بە بەدیهێنانی مەرجەکانی هەروەزیە بەرهەمهێنەرەکان لە ئاستی هەموو کۆمەڵگەدا، ئەمە تەنیا بەمانای ئەوەیە کە کاردەکەن کە هەلومەرجی ئەستای بەرهەمهێنان شۆڕشگێڕانە بکەن، ئەمە هیچ پێیوەندیەکی هاوبەشی نیە لەگەڵ دامەزراندنی هەروەزیە بەرهەمهێنەرەکان بە یارمەتی دەوڵەت. ئەوەندەی سەبارەت بە کۆمەڵە هەروەزیەکانی ئیستاوە بەت ئەوەندە بایەخیان هەیە کە دەستکردی سەربەخۆی کرێکارانە، وە چ لایەن حکومەتەکان و چ لایەن بورژوازیەوە ناپارێزرێن."[6]

ئەم جۆرە لە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی بورژوازیدا، دوای مارکس لایەن ئینگلسیشەوە دراوەتە بەر ڕەخنە. ئەمە کاتێکە نوێنەرانی

کرێکاران چوونەتە ناو پەرلەمانی ئەڵمانیا و بۆشداری دەکەن. لەنامەیەکدا بە J.P. Becker دەنوسێ "ئێم نوێنەرانە لە پەرلەمان 'پێشنیاری پەزەتیڤانە' بە حکومەتی ئەستا دەکەن کە چێن لە شتە بچوکەکاندا کارەکان باشتر بکەن و هتد، وە کرێکاران کە بە کەسانی دەرەوەی یاسا دانراون و بە دەست و پێی بەستراوەوە دراونەتە دەست ڕەفتاری مەزاجی پۆلیس، چاوەڕوانیان لەدەکرێ ئەمە بە نوێنرایەتی کردنی خەیان دابنێن! ئەوەی تایبەتمەندی سەرنج ڕاکێشی بزوتنەوەی کرێکارانی ئەڵمانیایە ئەوەیە کە هەڵەی لیدەرەکان لەلایەن جەماوەرەوە چاک دەکرێتەوە."[7]

لەفەرەنسا "ئیمکانگەراکان" و لە بریتانیاش "فابیەکان" لە ناو بزوتنەوەی کرێکاریدا هەمان هەڵوەستیان بەرامبەر بە دەوڵەتی بورژوازی وەرگرت و هەمان بۆچوونی لیبرالی بورژوازیان پەیڕەوکرد کە دەیانوت "پەرلەمان هەموو چینەکان وناکەکە چینایەتیەکان لەناودەبا، بە بە جیاوازی، لەگەڵی مافی دەنگدان و مافی بۆشداری لە حکومەتدا"[8]

ئەم تەوانینە سەبارەت بە دەوڵەت و دەزگاکانی ، وەک پەرلەمان و دەنگدان و دەستور و حکومەت وهتد..ئەو ئاوگەڵە سەرکیە بوو کە لە نەو سۆشیال دیموکراتی و بزوتنەوەی کرێکاریدا سەریهەڵدا و بووە باڵکی نەو بزوتنەوەی کرێکاری کە لە فەلسەفە و ئابوری و سیاسەتدا دواتر بۆشەوەی مەکتەبەکی فکری و سیاسی و ئابوری جیاواز لە کەمۆنیزم خۆی ساغکردەوە. ئیتر مەسەلەی سەرەکی ئەم باڵەی نیو سۆشیال دیموکراتی چۆنیەتی بۆشداری و پاراستنی ئەم دەوڵەتە قۆمیانیان بوو. چۆنیەتی پاراستنی پەرلەمانتاریزم بوو، کە ئەنجامەکەی دەنگدان بە پەژەکانی چینی بورژوازی بوو. دەنگدان بە پاراستنی گومرگی، دەنگدان بۆشەی جیهانیی ئیمپریالیستی، هاوپەیمانی لەگەڵ حزبە بورژوازیەکان و بۆشداری لە حکومەتە بورژوازیەکاندا هتد..

ئینگلس لە ساڵی ١٨٩١دا لە ڕەخنە لەبەرنامەی ئیرفورتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵماندا ئاماژە بە مەترسی گۆشەی ئەم "ئۆپەرتۆنیزمە" دەکا و دەڵێ "ئەمە لە بیرچوونەوەیەکی گەورەیە، مەبەدئەکان لەبەرامبەر بەرژەوەندیە کاتیەکانی ڕۆژدا هەدەسەنگێندرێ، ئەم خەبات و هەوڵدانانە بە سەرکەوتنی ساتە کاتیەکان بە بە گوڵدانە ئەنجامەکانی دواتری، ئەمە قوربانیکردنی ئایندەی بزوتنەوەکەیە لە پێناو ئەستایدا، لەوانەیە مەبەست "ڕاستگەیانە" بە، بەڵام ئەمە ئۆپەرتۆنیزمە و هەروا دەمینێتەوە، وە ئۆپەرتۆنیزمەکی

“ڕاستگۆیانە” لەوانەیە ترسناکترینیان بێت.”[9]

دوای دوو دەیە ئەم مەترسیەی ئینگلس دەبێتە ئەزمەیەکی جدی، کە سۆشیال دیموکراتی دەخاتە ژێر ئەو پرسیارەوە، کە ئایا لە ڕێگەی پەرلەمانەوە خەبات بە سۆشیالیزم بە کوێ دەگا؟

ڕۆزا لەکسمبۆرگ لە ١٩٠٤ دا دەنوسێ “پەرلەمان بە بورژوازی ئەو قازانجەی جارانی نیە کە دژی دەربەگایەتی بکاری دەهێنا و پەرلەمانی ئێستا بە دانانی بودجە و قەواڵەی سوپا، ئیعتباری نوێدان بە ژێنراڵەکانی شەڕ لە ئەفریقا و ناوچەکانی بازرگانیە”. ئەو پرسیارە دەکا کە سۆشیال دیموکراتی “ناتوانێ لەوە زیاتر بکا، لەوە دەچێ، بەرەو خێ قوربانیکردن بچێ، بەرەو قوربانیکردنی سۆشیالیزم دەچێ لە سەر مێزی پەرلەمانتاریزمی بورژوازی، ئایا ئاکامی ئەمە چی دەبێ؟ هەوڵشانەوەی بزوتنەوەی کرێکاریی، ناڕۆشنی ئایدیاکان، لادانی ئێخلاقی نوێنەرانی حزب. ئاکامی پاوپێی تاکتیکی وەزارەتی Jaurès’ (سۆشیالیست) لە فەرەنسا بەشێوەیەکی ڕۆشن خزمەت دەکا بە ئاگادارکردنەوەی هەموو بزوتنەوەی جیهانی پرۆلیتاریا، کە ئەمە ئەو ڕێگایە نیە بتوانێ بەر بە داکشانی پەرلەمانتاریزمی بورژوازی بگرێ.” [10]

ئەم داکشانەی پەرلەمانتاریزمی بورژوازی ، نیشانەی سەرتاکانی بنبەستی لیبرالیزمی بورژوازی و دەورانی ئەزمەی جیهانی و پێویستی ئیمپریالیزم بە شۆڤێنیزم و بە شەڕ بوو.

هاوکات ئەوەی ڕۆزا لەکسبۆرگ لە ساڵی ١٩٠٤دا باسی دەکا سەرتای بنبەستی سۆشیال دیموکراتیە کە لەدوای کۆمۆنەی پاریسەوە نەیتوانیوە شۆوازێکی تر جگە لە ڕێگەی پەرلەمانی بگرێتە بەر لە خەباتی چینایەتیدا!

هەربۆیە کاتێکیش ئەزمەی لیبرالیزم و پەرلەمانتاریزم دەستپێدەکا ولە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستدا دەچینە ناو دەورانی توندبونەوەی ململانێی ئیمپریالیستی و داڕمانی “ئاشتی و دیموکراسی” لیبرالیزم، ئیتر ئەم سۆشیال دیموکراتیەش توشی ئەزمە و جیابونەوەیەکی گەورە دەبێ. ئەو زەمینەیەی پەرلەمانتاریزمی دوێنێ، کە بزوتنەوەی کرێکاریی لەسەری گەشەی سیاسی دەکرد، دەگۆڕێ و بورژوازی لەڕێگەی شەڕ و سەرکوتی بزوتنەوەی شۆشگێڕانەی کرێکارانەوە دەستەاتی سیاسی خۆی ئادەگرێ. هەربۆیە ئیتر ئەوەی ئینگلس لەسەر پەرلەمان دەیوت لەگەڵ دەورەی ئەزمەی سیاسی و سەربازی ئیمپریالیزم نادەهاتەوە.

ئەو دەیوت "کەسێک دەتوانێ بیهێنێتە پێش چاو کە لەوانەیە کۆمەڵگەی کێن گۆش بکا بە شێوەیەکی ئاشتیانە بە کۆمەڵگەیەکی نوێ لەوەتانەدا کە نوێنەرانی خەڵک هەموو دەسەڵاتەکیان لەدەستدایە، لەو شوێنەی، ئەگەر لایەنێک پشتیوانی زەربەی خەڵکی لە پشت بێت، ئەوە دەتوانێ ئەوە بکا کە لەگەڵ ڕێگەی دەستوری بگونجێ: وەک لە کۆماری دیموکراتی وەک فەرەنسا و لە ئەمریکا و لە شانشینی بریتانیا."[11]

لەم دەورە نوێیەی ئەزمەی لیبرالیزم و پەرلەمانتاریزم و سەرهەڵدانی شەپۆلی شەشگەڵانەی کرێکاراندا گەڕانکاری بەسەرسۆشیال دیموکراتی کرێکاریدا دێت و سۆشیال دیموکراتی بە گەیشتنە دەسەڵات پێویست بوو لە دەرەوەی پەرلەمانتاریزمدا بەدوای ستراتیژێکی تردا بگەڕێ.

بەڵام سەرەای ڕەخنەکانی ماركس و هەوڵەکانی ئەنگلس لە خۆشباوەڕی بە دەوڵەتی بورژوازی و دووركەوتنەوە لە ئەپەرتەنیزم، سۆشیال دیموکراتی لە بزوتنەوەیەکەوە کە دەیویست سیستمی سەرمایەداری بگۆڕێ بە سۆشیالیزم، وە لە ڕێگەی کۆمەنەوە دەزگای دەوڵەتی بورژوازی هەڵوەشاندەوە ، گەڕدرا بە بزوتنەوەیەک کە زەربەی ڕیزەکانی کەوتە ژێرکاریگەری ڕەوتی لیبرالیزم و ریفۆرمیزم و پەرلەمانتاریزم. ئەم ڕەوتە سەرتا خۆی وەکو ڕیفیژینیزم ناساند، واتە وەک ڕەوتێک کە بانگەشەی خوێندنەوە و چاوخشاندنەوە بە بنەماکانی کۆمەنیزمدا دەکرد، بەڵام لەکۆتاییدا ئەم دەورەیدا، واتە لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، سۆشیال دیموکراتی ڕەنگی ئەم ڕیفیژنیزمەی گرت.

هەربەیە پێویستە ئەم پرسەیە زیاتر شرۆڤە بکەین تا بزانین چ پێوەندیەک لە نێوان ریفیژینزم و لیبرالیزم و پەرلەمانتاریزم و سۆشیال دیموکراتیدا هەیە؟

دیالەکتیکی گۆش و پەرسەندنی بزوتنەوەی کرێکاریی و سۆشیال دیموکراتی هاوکات بوو لەگەڵ بەاوبونەوەی پەتای ریفیژینزمدا لەهەموو وڵاتە سەرمایەدارەکان. لینین لە ساڵی ١٩٠٨ دا دەڵێ "چی ڕیفیژینیزم دەکاتە کارێکی حەتمی کە دەبێ لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا ڕوبدا؟ لەبەرئەوەی، لە هەموو وڵاتێکی سەرمایەداریدا ڕوبدا؟ لەبەرئەوەی، لە هەموو وڵاتێکی سەرمایەداریدا، لەپاڵ پرلیتاریادا، توێژێکی زەری وردە بورژوازی هەیە. بەرهەمهێنانی بچوک پێشتر و ئێستاش بەردەوام سەرمایەداری بەرهەم دەهێنێتەوە. سەرمایەداریش ڕیزێکی تەواو لە "چینە

ناوەندەکان" دروست دەکا (پاشکۆی کارگە ، کارکردن لەناو ماڵدا،کارگە بچوکەکان کە لە وەاتدا بەفراوانی هەن،..). ئەم بەرهەمهێنەرە بچوکە نوێیانە پاڵ پەوەدەنرێن، بەپێی دەورەکەیان، حەتمەن بە ڕێزکانی پرۆلیتاریا. هەربۆیە ئاساییە کە بیروبۆچونە وردەبورژوازیەکانیشیان بەردەوام بچێتە ناو ڕێزکانی حزبە کرێکاریە بەرفراوانەکان."[12]

بەگومان ئەمە تەواوی کێشەی سەرهەڵدانی بۆچوونی ناکۆک و لەوانە ریڤیژینیزم لە ناو سۆشیال دیموکراتیدا نیە. واتە ڕیڤیژینیزم بەتەنیا لە کاریگەری هاتنی چینی وردەبورژوازی و بۆچوون و جیهانبینیەکەیدا بەرتەسک نابێتەوە. هەربۆیە دواتر لینین لە ساڵی ١٩١٠ ئاماژە بە بۆچوونەکانی ئەنتۆن پانیکوک دەکا[13] و "ئەنجامگیریە زانستیەکانی" نامیلکەیەکی ئەو ڕوندەکاتەوە لەسەر هەکارەکانی سەرهەڵدانی ریڤیژینیزم لەناو بزوتنەوەی سۆشیال دیموکراتی کرێکاری جیهانیدا.

پانیکوک ئاماژە بە فاکتەرە جەراوجەرەکانی دروستبوونی ناکۆکیەکانی ناو بزوتنەوەی کرێکاری و سۆشیال دیموکراتی دەکا. لەڕدا ئەوەی گرنگە لەم لێکدانەوەی پانیکوک دا ئەوەیە کە باسی چینی کرێکار خۆی دەکا کە بۆچی و چۆن توشی ئەم کێشانە دەبێ؟ باس لە ئاستی گەشەی سەرمایەداری و کاریگەری لەسەر تێگەیشتنی سۆشیالیستی چینی کرێکار دەکا. باس لە ئاستی گەشەی هێزی بەرهەمهێنەری کرێکار و ڕادەی چە بوونەوەی ژمارەکەی لە یەک ناوەندا و ئاستی ڕێکخراو بوونی و فەربوونی پابەند بوون بە سیستم و ئاستی هۆژاری دەکا.

هاوکات باسی ئەو گۆڕانکاریانە لە شێوەکانی خەباتی چینایەتی کرێکاراندا دەکا، کە بەشێوەی "بازدان" ئەم بزوتنەوەیە دەگۆڕێ و ترس دەخاتە دڵی سیستمی سەرمایەوە. بەشێوەیەکی سەرەکی تەئکید لە بزوتنەوەی کرێکاریی وەک بزوتنەوەیەکی زیندوو دەکا، کە لە چوارچێوەی هەلومەرجێکی مێژوویی و ئابوری و سیاسی دیاریکراودا ڕەوت و دیدگای جیاجیای تێدا دروست دەبێ بە وەامدانەوە بە کێشەکانی خەباتی چینایەتی.

ئەمە لە سەرەوە باسی لیبرالیزمی بورژوازیمان کرد وەک یەکێک لە فاکتەرەکانی کاریگەری لەسەر دروستبوونی ناکۆکی و لادانەکانی نەو بزوتنەوەی کرێکاریی لە ڕەوتی شۆڕشگێڕانە و دروستبوونی باڵی ریفۆرمیستی لە نەو چینی کرێکاردا.

پرسیارەکە لەردا ئەوەیە کە بۆچی ئەم بۆچون و دیدگا و لەکدانەوە لیبرالیستیە کاریگەری لەسەر خەباتی کرەکاران دادەنە؟

وەامەکەی ئەوەیە کە چینی کرەکار لەخەباتکی زینەدووی چینایەتیدایە و بەپەی ئاستی گەشە و تەجروبەی خەی بەو ەاستیە دەگا، کە چ ەەگایەک ئەو لە دەست چەوسانەوە ەزگاردەکا. ئەم ئەنجامگیریە سادەیە خەی لەدەی دەخەکی ئاەزو دوالیزمی خەباتی ئابوری و سیاسیدا یەکلایی دەبەتەوە. هەرچەند کەمەگەی سەرمایەداری گەشە بکا و هەزی بەرهەمهەنەری کرەکار گەشە بکا و تەجروبەکانی خەباتی ەەژانە و "بازدان" وشەشەکانی زیاتر بەت ئەوەندە نزیکتر دەبەتەوە لەو ئاسە و بەدیلەی کە دەتوانە قابەبی سیستەمی سەرمایەداری تەپەەنە و ئەم وشیاری و تەجروبەیە ببەتە "خواستەکی گشتی و کەلەکتیفی" ملەەنەها و ملیارەها کرەکار.

ئەمە پرسەی واقعی خەباتی چینایەتیە، کە بەپەی ئاستی گەشە و توانایی سیاسی و ەەکخراوەیی چینی کرەکار مەسەلەی شەەش و دەسەات مەترەح دەبەت نەک بەپەی عەقەی شەەشگەەانەی گروپەکی کەمەنیستی یان حزبەکی کەمەنیستی. وەک مارکس لە ەەخنە لە گروپەکی ناو "کەمەەی کەمەنیستەکان" دا دەەە؛ " بە ئەوان ئەو هەلومەرجە ەاستەقینەی کە هەیە، هەزی پاەنەری شەەش نیە، بەەکو بەتەنیا بوونی خواستە. کاتەک ئەمە بە کرەکاران دەەیین، پەویستە ١٥،٢٠،٥٠ ساە بە شەەو خەباتی ناوخە(چینایەتی) دا تەپەەن، نەک تەنیا بە گەەینی دەخ، بەەکو بە چاکردنی خەتان وە بە ئەوەی نیشانی بدەن کە دەتوانن باەادەستی سیاسیتان هەبەت. هەروەک دیموکراتەکان کە وشەی خەەکیان کردوە بە بت، ئەوەش وشەی پرەلیتاریاتان وا لەکردوە. هەروەک دیموکراتەکان، ئەوەش زاراوەی شەەشتان خستەتە شوەن ئیقولوشنی شەەشگەەانە "[14]

ئەم جەرە ناسینەی شەەش کە بتەک نیە و تەنیا زاراوەیەکیش نیە، بەەکو دیاردەیەکی دیالەکتیکی و یەکەتی دژەکانە خەی کلیلی دەرک کردنی هەموو ئەو مەژووەی خەباتی چینایەتی کرەکارانە کە پە لە هەوراز و نشەویە و سەرکەوتن و شکستە. دەرک کردنی ئەوەی بۆچی لەم دەورەیەدا کە چینی کرەکار لە باری سیاسی و ەەکخراوەییەوە گەشە دەکا، بەەام پەتای ریفیژینیزم و لیبرالیزم و پەرلەمانتاریزم دایدەگرە ؟ وەک بەدروستی لینین دەریدەبەە، کە "ئەم جیاوازیانە سەرچاوەکەی خەی ئەو خەسەەتە دیالەکتیکیەیە کە گەشەی کەمەایەتی چینی کرەکار هەیەتی کە لەدەی ناکەکیەکاندا و لەەەگەی ئەم ناکەکیانەوەیە دەچەتە پەش"[15]

سۆشیال دیموکراتی لەم دەورەیدا بەباشترین شێوە ڕێگاکانی گەشەی سیاسی و ڕێکخراوەیی کرێکاران لە مەیدانی کاری حزبی وسەندیکایی و پەرلەمانی و ڕۆژنامەگەری دەناسێتەوە و کاری جدی دەکا. ئینتەرناسیونالی دووەم و حزبە کرێکاریەکان لەزەربەی وڵاتاندا دروست دەکا. لەم ماوەیەی ١٩٠٥ تا ١٩١٣دا ژمارەی کرێکارانی سەندیکاکان لە ٣ ملیۆنەوە بووە ٦ ملیۆن و سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانی ، فینلاند و سوید لە ٣٠٪بە٤٠٪ی دەنگیان هێنا لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکاندا. هەروەها کەمەڵەی فابینەکانی بریتانیا کاریگەری گەورەیان لەسەر سۆشیالیستە ریفۆرمیستەکان و لەوانەش برنشتاین هەبوو، ئەم کەلتورە پێوەندی پەیداکرد لەگەڵ هەندا و ئەسکەندناڤیشدا.[16].

ئەمانە لەگەڵ پرۆسەی دروستبوونی دەوڵەت ومەرکەزی بوونەوەی دەسەڵات و بازاڕی ناوخۆیی و هاوکات پشبەکی سەرمایەی مانەپاڵی و ئیمپریالیستی چووتە پێش و زەمینەی دروستکردنی تیۆڕی" ئەرستەکراتی" کرێکاری و گەڵانی فۆرمی کاری حزبی و سەندیکا کرێکاریەکان بە دەزگایەکی بیرکراتی و نوخبەیی، بەرتەسککردنەوەی چالاکی سیاسی و ڕێکخراوەیی بەپێی یاسا و فشار و سەرکوتی مانگرتن و چالاکی شەڕشگێڕانەی کرێکاران. ئەمانە هەموویان فاکتەربوون لە دروستبوونی ئەو دوالیزمەی لە نێوان گەشەی سیاسی کرێکاران لەلایەک و کەوتنە ژێر هەژمونی فکری و سیاسی ناسیونالیزم و لیبرالیزم و پەرلەمنتاریزمی بورژوازی لەلایەکی ترەوە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەزمەی سیاسی و سەربازی ئیمپریالیزم ئەم دوالیزمە بزوتنەوەی کرێکاریی شق دەکا. سۆشیال دیموکراتی ڕووبەڕووی دەورەیەکی نوێ دەبێتەوە کە دەبە هەڵوەست بەرامبەر بە بورژوازی و دەوڵەتکەی و سیاسەتە ئیمپریالیستیەکانی دەربڕێ و ڕووبەڕوویان بێتەوە. ئیتر ئەم کارە بە پەرلەمانتاریزم و لە چوارچێوەی کاری ئیگاپەدراوی یاساییدا ناکرێ. چینی کرێکار چیتر ناتوانێ لە قاڵبی کاری سەندیکاییەکی پیشەییدا بمێنێتەوە کە تەنیا مەسەلەی کرێ و ریفۆرمی ئابوری هەبێ، چونکە سەرجەم کەمەگە و چینی کرێکار گیرەدەی سیاسەتی شێ و تاڵانکاری و سەرکوتی بە پەردەی بورژوازی و دەوڵەتکەیەتی. هەربۆیە سۆشیال دیموکراتی پیویستی بە فکر و سیاسەتی کەمنیستی نوێ دەبە سەبارەت بە شێش و دەوڵەت و گەڵانکاری کەمەڵایەتی .ئەم کەشانە خۆیان لە چەند مەیدانی سیاسی و ئابوریدا نیشان دەدەن ، لەوانە چۆنیەتی هەڵوەست بەرامبەر بە دەوڵەتی بورژوازی، چۆنیەتی بەشداری لە پەرلەماندا، شێوازی

ڕکخستنی جەماوەری کرێکاران، مانگرتنی گشتی و شۆڕش وشۆڕی جیهانی و هتد..

ریڤیژینزمیش سەرەتا لەلایەن برنشتاینەوە وەک سەیرکردنەوە و چاوخشانەوە بە بنەماکانی بیروباوەڕی مارکسدا هاتە کایەوە سەبارەت بە گۆڕش و ئەزمەی سەرمایە. دواتر باسی ئەوەی کە؛ گرنگی دەستکەوتی کاتی و ریفەرم گرنگترە لە ئامانجی گەیینی سیستەم و "بزوتنەوە هەموو شتەکەوە ئامانج هیچ" هاتە گۆڕ. دواتریش ئەمانە بووە چوارچێوەیەکی سیاسی و عەمەلی بە ئامانجی ریفەرم و بوونە بەشێک لە خودی سیستمی زاڵی سەرمایەداری و پەرلەمان و حکومەتەکەی و وەرگرتنی ئیمتیازاتێک بە توژی کاربەدەستانی حزبی و حکومی و سەندیکایی کرێکاران. هەر ئەم بەرژەوەندیە مادی و بەرتەسکیە فکریانە بوون کە ئەم ڕەوتە ریفەرمیستیەی لە نەو بزوتنەوەی کرێکاریدا زاڵ کرد. ئەم "گروپە کە نوێنرایەتی بەرژەوەندیەکی جیاوازیان دەکرد گۆشەی سەرمایەداریان بە گۆشەی سۆشیالیزم دەزانی".[17]

لەکاتی ئەزمەی سیاسی و سەربازی نەوان دەوڵەتە سەرمایەدارەکاندا ئەم ڕەوتە ریفەرمیستی و ئۆپۆرتۆنیستیەی نەو سۆشیال دیموکراتی تەواو ڕەنگی ئەم ریڤیژینزمەی لە نیشت و ئامانجی کاتی مانەوە لە پەرلەماندا و مانەوە لە قابەی دامەزراوە ڕەسمیەکانی دەوڵەتدا کرایە ئامانجی پیرۆزی"دیموکراسی". ئیتر کاوتسکی وەک برنشتاین قسەکەری ڕەسمی ئەم "دیموکراسی بورژوازی"ە بوو. ئەمە تەکشکانی بزوتنەوەی کرێکاریی بوو لەبەردەم بتی دەوڵەت و سیستمی سەرمایەداریدا. شکست بوو بەهەی دیموکراسی هەڵخەڵەتێنەرانەی بورژوازیەوە.

بەڵام لەگەڵ قوبونەوەی ئەزمەکانی سەرمایەدا شاهیدی سەرهەڵدانەوەی شۆپشگێڕانەی بزوتنەوەی کرێکاران بوین. هەربۆیە لە نەو بزوتنەوەی کرێکاری جیهانیدا پۆیستی دەرک وستراتیژی تازەی هەنایە ئاراوە بە چەنیەتی تەپڕەین لە سەرمایەداریەوە بە سۆشیالیزم و دروستکردنی بەدیلێک بە ئینتەرناسیونالی دووەمی سۆشیال دیموکراتی.

ئەم دەخە نوێیەی خەباتی چینایەتی ئاوگەیەی لە سۆشیال دیموکراتیی جیهانیدا دروست کرد و ژەر پەی تیۆریەکانی ریڤیژنیزمی سەبارەت بە گۆشەی سەرمایەداری و پیرۆزی دەوڵەتی بورژوازی ودیموکراسیە پەرلەمانیەکەی بەش کرد .

وەک پێشتر ڕوونزا هەستی پێکرد، کە سۆشیال دیموکراتی ناتوانێ لە قاڵبی تاکتیک و ستراتیژی جارانیدا بمێنێتەوە و بەتایبەت لەژێر کاریگەری دەخی شۆڕشگێڕانەی ڕووسیادا شێوازێکی نوێی شورایی و مانگرتنی جەماوەریی، کە جیاوازە لە خەباتی پەرلەمانی، دەردەکەوێ. ئەمە جارێکی تر ئەو حوکمە بنەڕەتییەی لە سەرەتای ئەم کتێبە دا ئاماژەمان پێدا دەسەلمێنێتەوە، کە خەباتی چینایەتی بە کۆشش و بنبەستی سۆشیال دیموکراتیەوە قەتیس نابێتەوە و لەگەڵ دەورێکی نوێ لە ئەزمەی سەرمایەداری جیهانی و بنبەستی سیستمی سیاسی بورژوازی و پەرلەمانتاریزم و لیبرالیزمەکەی، جارێکی تر چینی کرێکار پێویست بوو وەڵامی شۆڕشگێڕانەی خۆی بە دەوڵەتی بورژوازی بداتەوە و سیستمی سیاسیی ئەلتەرناتیڤی خۆی نیشان بداتەوە.

لێرەدا دەگەینە قۆناغێکی جیاواز و نوێ لە خەباتی چیانیەتیدا، کە دیسانەوە چینی کرێکار لەگەڵی شۆڕشەوە، بە وەڵامی ڕادیکاڵانەی خۆی بە ڕامبەر بە سیستمی سەرمایەداری ئاشنامان دەکا. من لە بەشکانی کتێبی "کۆمۆنیزمی نوێ" دا بە دوورودرێژی باسی کاریگەری ئەم مەدەلە سیاسی و ئابوریەی سۆشیالیزمی دەوڵەتی بەلشەفیکانیشم کردوە لەسەر شۆڕشی سۆشیالیستی ئۆکتۆبەردا و خوێنەران دەتوانن لەوەدا بیبینن و هەربەیە لێرەدا باسی دوالیزمی شۆڕش و ڕیفۆرم تەواو دەکەم .

بەشی سێهەمی ئەم گفتوگۆیە لەسەر پرسی شۆڕشی سۆشیالیستی دەبێت.

[1] ماركس، ئینتەرناسیونالی کرێکاران، ١٨٦٤، بەزمانی ئینگلیزی

The International Workingmen’s Association 1864General Rules, October 1864

[2] چۆن جیهان دەگۆڕێن، ماركس و ئەنگلس و سیاسەت، ل ٦٩، هوبسباوم، بە زمانی ئینگلیزی.

[3]چۆن جیهان دەگۆڕێن، ماركس و ئەنگلس و سیاسەت، ل ٦٨، هوبسباوم، بە زمانی ئینگلیزی.

[4] ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتە، ماركس، ل٢٣٣،مختارات ماركس و انجلز،جلد٢،دارالتقدم

[5] هەمان سەرچاوە،ل٢٣٢

[6] ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتە، ماركس بە ئینگلیزی

https://marxists.catbull.com/archive/marx/works/1875/gotha/ch03.htm

[7] نامەی ئینگلس بە بیکەر https://www.marxists.org/archive/marx/works/1880/letters/80_04_01.htm

[8] لینین، مارکسیزم و ریڤیژینیزم، ل ٤٢١،،المختارات ، جلد٣،دارالتقدم. بەعەرەبی.

[9] ئینگلس دەخنە لە بەرنامەی ئیرفورتی سۆشیال دیموکراتی ئەمانیدا، بە زمانی ئینگلیزی https://marxists.catbull.com/archive/marx/works/1891/06/29.htm

[10] ڕۆزا لوکسبورگ، سۆشیال دیموکراتی و پەرلەمانتاریزم https://marxists.catbull.com/archive/luxemburg/1904/06/05.htm

[11] ئینگلس، دەخنە لە بەرنامەی ئیرفورتی سۆشیال دیموکراتی ئەمانیادا لە ١٨٩١، بە زمانی ئینگلیزی

https://marxists.catbull.com/archive/marx/works/1891/06/29.htm

[12] مارکسیزم و ڕەوتی ڕیڤیژینیزم، ل ٤٢٤، المختارات ، جلد٣، دارالتقدم.

[13] پانیکوک The Tactical Differences in the Labour Movement (Die taktischen Differenzen in der Arbeiterbewegung, Hamburg, Erdmann Dubber, 1909), Anton Pannekoek

[14]مارکس، کەبونەوەی کەمیتەی ناوەندی کەمەی کەمۆنیستەکان، بە زمانی ئینگلیزی15 Minutes of Central Committee Meeting, September 1850, in Karl Marx, The Revolutions of 1848 (Harmondsworth, 1978), p 341.

[15] لینین، ناکۆکیەکانی نێو بزوتنەوەی کرێکارانی ئەوروپا، ل ٥١٧،المختارات ، جلد٣،دارالتقدم.

[16] هۆبسباوم، نفوزی مارکسیزم لە ١٨٨٠ تا ١٩١٤، چۆن جیهان دەگۆڕێن ل ٢١٦، بەزمانی ئینگلیزی.

[17] هۆبسباوم، نفوزی مارکسیزم لە ١٨٨٠ تا ١٩١٤، چۆن جیهان

بەگۆڕیی کەترکی منداڵیم دەزیوە.. سەلام عومەر

منداڵیم کەترکی وەکو
لە گەڵکی کاربا
بەسەر لقی
درختکی نیوە سوتاو هەڵنیشتووە
بەدیمەنی لەت لەت بوونی
دراوسە و دەڤەرکی وەک پشدەر
جگە لە گمە و گریان
فرمەسکی خوێنینی رشتووە
کەترکی وەکو منداڵیم
بەدیار شارکی خاپوور و
هەڵانەیەکی تەکدراو
هەڵکورماوە
دەفەتە سەر
کەلی گەڵکی (رەسوە شت(
دەبینە هەشتا خورجینە و گەپاڵکی هەر لەوەن و
وەک خەی ماوە.
++++++
منداڵیم کەترکی تەریکە
داوای ئەو پرچانە دەکا
کە لەسەر ورگی (وەستا کاکە(
تاە تاە بەمردوویی کەوتوون
پرچەک هەشتا لە قوژبنی کەلاوەی شارکی وەراندا
وەک پشیلەیەکی برسی
کەس نازانە
داخە نووستوون یاخود مردوون؟
++++
منداڵیم کەترکی تەریکە

ئەو کەلارەی دەوەتەوە
کە تا ئێستاش
بەدارتەلەکانەوە گیر بووە
کەلارەیەک
وەک ئەوەی من عاسەم کردبە
زەر تووەیەو
هەر لەمنداڵی و لاویتیم نا
لە پیری و دووریشم زیز بووە.
کەلارەیەکەو ئیدی
نەقەت دەتەوە نەو دەستم
نە ڕەگەشم پەدەدا
لەی کەمەوەو
لەبن لەنگەرە ماندوەکەی
نامەیەکی لەبووردنی لە ببەستم.
+++++
منداڵیم کەترەکی وەک
دەچەتەوە (جوتکانیان)
قومەک ئاوی
لەو دوو کانیە دەست ناکەوە
سەرەک لە تانکیە قوپاوەکەی
قوتابخانەی ئاسەس دەدا
بەسەر پەڵە پەڵە بوونی کتێبی
)ئەلف و بێ) کوردیەکەی
ئیبراهیم باەداردا دەکەوە
کەترەکی وەک منداڵیم
لە گەڕەپانی بالە و بەڵایی قوتابخانەکەدا
پە بەگەرووی دەگمەنە
هەتا مامەستا(عارف و غەریب و عەبدوڵا بیلال)
لە خەوی قوە هەڵدەستنە.
+++++
کەلارەیەکی یەکجار شەڕ منداڵیم
هەندە داوم لەدوو داوە
نە غەڕەغەڕە و نە کەندرەکەی دایکم لەنەو دەستم دا ماوە
کەلارەیەکی پە لەچە منداڵیم
خەریکە لە تاقی ئاسمان بزر دەبە و
نە بەدەستە بچووکەکانی منداڵیم دەتەوە
نە بەچاوە کزەکانی ئەستا دەیبینم

کەچی کەترکەی منداڵیم
تەنیاو تەنیا
کەلارەکەی دەوەتەوە
گمەیەکی گریان ئاسای لەوە دەت و
پەموانییە
بەمزوانە ژیر بەتەوە.
+++++
ئەستا منیش
وەک کەترکەی منداڵیم
وەە و تینووم
نە بەئاوی زەی گچکەو
نە بەەوبارەکانی نەو شار
بەم ناشکە
لەسەر تەختی مەنەمەنتەکەی دەروازە
ئەشک دەەژم
وەک کەلارە هەەواسراوەکەی منداڵیم
رابردووی خەم
لەژەر درەختەکەی کانیە شەخ
نا
لە دامەنی چیای قەندیل
هەر بەزیندوویی دەنەژم.